


# مەولودنامە

کۆکراوەی ئەو شعر و ستایشانەی بۆ حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ نوسراون

هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

٢٠١٦

## ناوی کتێب : مەولودنامە

## ئامادەکردن و کۆکردنەوە : هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

## ناوەند : ئەکادیمیای زانستی کوردی

## ساڵی بلاوکردنەوە : ٢٠١٦

ئەکادیمیای زانستی کوردی
Kurdish Science Academy

# پێشەکی

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أللّهـمَ صَـلِ عَلّـى سَيـــدِنا مُحَـــمّد الوَصّفِ والوَحـي والــرِسالةِ والحِكّمـــة وعلى آلـه وصَحّبـه وسَـلم تَسـليمـــاً

مەولودنامە بۆنەیەکی دێرین و ڕەســـەن و جوانی کوردەواریە کە هەر لە دێر زەمانەوە ئەم بۆنەیە ئەنجام دەدرێت و مەڕاسیمی بۆ ساز دەکرێت ، ئەوکاتەی منداڵ بووم و بەشداریم لە مەڕاسیمەکانی مەولودنامە دەکرد کە لە مزگەوت و تەکیە و خانەقا و ماڵەکان ئەنجام دەدرا ، تام و چێژێکی زۆر تایبەتی هەبوو ، پێش مەولودنامەکان ســفرە و خوانی نانخواردن ئامادەدەکرا بۆ میوانەکان ، پاشـــان چای پێشـــکەش دەکرا ، دەواتر ئامادەبووان تێکەڵ بە ڕووحی مەجلیســـەکە دەبوون ، لەلایەک بۆنی بخوردەکان کە دەســـووتان و ئەو ناوەیان بۆنخۆش دەکرد ، لەلایەک ئەو ئاوی گوڵاوەی کە دەپرژێندرا بەسەر ئامادەبووواندا و هەمووان بۆنی گوڵاویان لێ دەهات ، لەلایەکی تر ئەو مۆمە داگیرســاوانەی کە لەســـەر ســـینیەکان دادەنران و لەپاڵیاندا گوێزەبانە دادەنرا کە پێکهاتبوو لە (نۆک ، مێوژ ، نوقڵ) ، ئەم گوێزەبانەیەش نەدەخورا هەتا مەولودەکە تەواو بوو چونکە باوەڕی خەڵک وابوو کە ئەو زیکر و تەهلیلە و ستایشەی بەسەر ئەم خۆراکەدا دەخوێندرێت دەبێتە سەرچاوەی بەرەکەت و خێر و ڕزق و خۆشی ، هەر بۆیە لە کۆتایی مەجلیســەکە ئەوکات دابەش دەکرا و هەریەکێک دەیبردەوە بۆ ماڵی خۆی و لەوێ بەناو کەسوکاریدا دابەشی دەکرد تاکو بەرەکەتەکە هەمووان بگرێتەوە ، هەروەها مەجلیسەکە دەڕازێنرایەوە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و پاشان ئاوازی خۆش و پڕ لە سۆزی ستایشخوێنەکان و بەدەنگی تەپڵی دەرویێشانە یاخود دەنگی دەف کە لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکران و جیاوازتر لەوەی ئەم سەردەمە ، ئەو جۆرانە بۆ ماوەیەک پێویســـت بوو گەرم بکرێن تاکو پێســـتەکە بکشـــێت و دەنگی دەف و تەپڵەکە خۆش بێت و مەودایەکی دوورتر ببڕێت دەنگەکە ، بەتەمەنەکان بە پۆشاکی کوردی و هەندێکیان بە سەڵتە و کەواوە ئامادەی مەڕاسـیمەکە دەبوون ، لە ئافرەت و خانمانیش بە پۆشـاکی هاوشـێوەی حەزرەتی سەیدە حەپسە خاتوونی نەقیبی بەرزنجی خانەدانانە ئامادەدەبوون ، تەسبیحیان بە دەســت دەگرت و بە تەهلیلە و تەســبیحات و ســەڵەوات ســەرقاڵبوون ، جاروبار کۆڕی

مەولودنامەکە ئەوەندە گەرم دەبوو بەڕادەیەک کەوا هەندێکیان حاڵیان بەسەردا دەهات و جەزبە دەیگرتن ، هاواریان دەکرد یان دەبورانەوە ، ئەوەندە شەوق و زەوقی ئەو مەجلیسە پڕ لە نووره زۆر بوو ،جاروبار لەگەڵ مەولودەکەشدا ناوی پیاوچاکە گەورەکانی وەک (غەوسی گەیلانی و پیری هەورامان و شاهی کەسنەزان) دەهێنرا ، ئەوەندەی تر مەجلیسەکە پڕ لە بەرەکەت دەبوو ، بە ئاشکرا ئامادەبووان هەستیان بە ئامادەبوونی ڕووحە پیرۆزەکانی پێغەمبەران و پیاوچاکان دەکرد ، گەنج و لاوان گەرموگوڕ ستایشەکانیان دەوتەوە ، هەندێکیان فرمێسک لە چاوەکانیان دەهاتە خوارەوە ، هەندێکیشیان وەک جەژن سەیری ئەم بۆنەی مەولودنامەیەیان دەکرد چونکە زۆر بە پیرۆز و گەورە دایاندەنا ، منیش لەبەر ئەوەی زۆرم حەز بە مەجلیسی مەولودنامە بوو ، کاتێک تێیدا ئامادە بوومایە یاخود لە ماڵێکی دراوسێکان ئەنجام بدرایە ، بە وردی گوێم دەگرت و سرود و ستایشەکانم لەبەردەکرد و پاشان لە دەفتەرێکی سەوز دەمنوسیەوە ، زۆر ستایشی بەچێژ و ئاوازی ناوازە هەبوون لە مەولودەکانی ئەو کاتانەدا کە ئێستا بەشێکی زۆریان نابیستینەوە ، بەڵام سوپاس بۆخودا کە توانیم بیاننوسمەوە و بیانپارێزم لەلای خۆم و بەبۆنەی هاتنی مانگی مەولودی پیرۆزەوە پێم خۆشبوو ئەم بەرهەمە بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز تاکو سودی لێ ببینن و لە فەوتان بیپارێزین ، چونکە مەڕاسیمی مەولود لە وڵاتی کوردستان بەشێوەیەکە کە هەموو جیهان پێی سەرسامە و جێی باسی جیهانە ، چونکە مەڕاسیمێکی پڕ لە خۆشەویستی و جوانیە و هەڵگری سیمایەکی تەواو کوردەواریە

هەژیر

# ئەحمەد موحەممەد هەردوو یەک ناوە

ئەحمەد موحەممەد هەردوو یەک ناوە
سەڵەوات لە دیار ئەو جووتە چاوە

❊❊❊

طاها و یاسینە ، ڕاستگۆ و ئەمینە
کە خاتەمینە ، گەوهەرین ئەوە

❊❊❊

سەڵات لەسەر تۆ ، لە دیداری تۆ
قوربانی بۆنت ، عەتر و گوڵاوە

❊❊❊

هاتی بە ڕەحمەت ، ئەی شاهی ئومەت
بەهۆی ئالەکەت ، نرخی ژین ماوە

❊❊❊

ئەی فەخری جیهان ، حەبیبی یەزدان
ناوی تۆ قوربان ، خۆشترین ناوە

## الله الله الله يە – ئەحمەد ڕەسول الله يە

الله الله الله يە ئەحمەد ﷺ ڕەسول الله يە

محمد المصطفى ﷺ خۆشەويستى خودايە[1]

❊❊❊❊

لە حضورا مەوجودە خۆشەويستى مەعبودە

لە مەقامى مەحمودە ئيمامى ئەنبيايە

❊❊❊❊

تۆ شافيعى ئەى ڕەهبەر ، لە تەنگانە لە مەحشەر

حوبت فەڕزە تاجى سەر ، ئەمرى ذاتى الله يە

❊❊❊❊

ناوت دێنم دەم بە دەم نورەكەى پشتى ئادەم

هەردەم سەڵاوات ئەدەم ئەمرى ذاتى الله يە

❊❊❊❊

حەيرانە لەوح و قەڵەم لە وەسفى طە ى ئەكرەم

من هيچ ناڵێم زياد و كەم بۆخۆى نورى الله يە

[1] تێبينى : لە هەندێک لە شوێنەكان بەم شێوەيە ئەم دێڕەى دەوترێت : (الله الله يە ئەحمەد رسول الله يە ، عبدالقادر گەيلانى ڕەئيسى ئەولیایە)

❋❋❋❋

**لە عیلما تۆ عەلیمی لە کەڕەما کەریمی**

**تۆ ساحیبی سڕەکەی عەصای موسای کەلیمی**

❋❋❋❋

**لە ئەولادی پێغەمبەر ﷺ شافعی ڕۆژی مەحشەر**

**عبدالقادری ئەنوەر وەکیل ڕەسول الله یە**

❋❋❋❋

**هاوارە شای کەسنەزان ، پشت و پەنای دەروێشان**

**ڕووناکی دین و ئیمان ، خۆشەویستی مەولایە**

❋❋❋❋

**ئوستادم شا قادرە ، لە پێش مەرگم حازرە**

**بە ئەمری خوا ئەمرە ، لە ئەولیای الله یە**

❋❋❋❋

**لەسەر ئینس و جان ئامر ، سوڵتان حوسەینی قادر**

**عەبدولکەریمی نادر ، لە ئەولیای خودایە**

# یا رسول الله من بەبێ تۆ قوربان ڕوو لە کێ بکەم

یا رسول الله ﷺ من بەبێ تۆ قوربان ، ڕوو لە کێ بکەم

تۆی دەرمانی دڵی بریندارم هەم شیفای بۆ دەردەکەم

ڕووڕەش و خەجاڵەت ماوم ئەی نووری هەردوو چاوەکەم

زەردەخەنەی ڕووی جەماڵت قوربان شیفایە بۆ دەردەکەم

ئەی بە قوربان من بێوەفا بووم ڕووم نیە باسی هیچ بکەم

بەڵام یا رسول الله ﷺ داوای شەفاعەتت لێدەکەم

# پێغەمبەر نازدارە ساحیبی ئەسرارە

پێغەمبەر ﷺ نازدارە ساحیبی ئەسرارە

بۆنخۆشی گوڵزارە ، ئەحمەدی موختارە ، سەید و سەردارە

❊❊❊❊

بابچینە مەدینە جێی طه الامینە ﷺ

صاحیب شەرع و دینە گەورەی مورسەلینە سەرداری زەمینە

❊❊❊❊

بابچینە لای ڕەوزە مەقامێکی بەرزە

سەڵاتی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئێمە فەڕزە لەسەر ئێمە فەڕزە

❊❊❊❊

جەماڵی پێغەمبەر ﷺ لەمانگ جوانترە

بۆنی جیسمی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەیحان خۆشترە بەڵکو زیاترە

❊❊❊❊

دەستمان با هەڵبڕین بۆ رب العالمین

داوای لێخۆشبون کەین هەموو بڵێن ئامین ، هەموو بڵێن ئامین

# یا رسول الله دەخیلێک ڕووم نییە بێمە حزوور

یا رسول الله ﷺ دەخیلێک ڕووم نیە بێمە حزوور
وەک دزان شەرمەندە و شەرمەزار وەستاوم لە دوور
گەرچی سەرمایەم نیە قوربان خۆ موستەحەقی ڕەحمەتم
بەڕەنگی زەرد وڕووی ڕەش وموی سپی وفرمێسکی سوور
موستەحەقی ڕەحمەتم ئەی مەستی حەق ئەی دۆستی حەق
دەستی من بگرە لە نار و بمخە نێو دەریای نوور
ڕوح لەسەر لێوم نەفس گیرە لەنێو خەوف و ڕەجا
چاوەڕێی ڕەحمەتی تۆیە بێتە دەر یا بچێتە ژوور
دەم بە خەندە یەکدەم ئەی کاشفی سڕی لا مکان
کافیە جارێ بفەرمووی بۆ (وەفایی) یا غفوور

# ئەی ڕەئیسی جەمعی مەخلوق شاهی شاهانم وەرە

ئەی ڕەئیسی جەمعی مەخلوق ﷺ شاهی شاهانم وەرە

ئەی ئەمیری هەردوو دونیا مەردی مەیدانم وەرە

من گوناهبار و خەجاڵەت ڕووڕەشی ڕۆژی جەزام

خاوەن عیز و شەرەف تۆی ڕوح بەقوربانم وەرە

خاتری ڕووخساری نورینی جەنابت خوای مەزن

ئەرز و ئاسمانی دروستکرد چاو بە گریانم وەرە

من ئەوەندە هەوڵ ئەدەم نەفسم لەدەست دەرچووە

چی لە مەیلی نەفسی بەدکەم گیانی گیانانم وەرە

گەر لەمەولا خوا خۆی ڕەحمێ بکاتە حاڵی من

نەفسی بەدکارم ئەکوژرێ دڵ بە قوربانم وەرە

هەروەکو سیروان ئاو لەچاوم ئەچوڕێ بێوچان

ڕووڕەشی دونیا و قیامەت ، دەستە دامانم وەرە

(لوتفی) بەس شیوەن بکە بۆت ناگیرێ نەفسی بەدت

شاهی لولاک ﷺ بێتە ئیمداد نوری ئیمانم وەرە

# سەلامی خوا لە دیداری موحەمەد ﷺ

سەلامی خوا لە دیداری موحەمەد ﷺ
لە ئال و بەیت لە یارانی موحەمەد ﷺ

****

لە گوڵ پرسیم لەبەر چی زۆر جوانیت
بە ڕەنگی سورەوە وا شادومانیت
بەنەرمێک و بەشەرمێک جوابی داوە
وتی با پێت بڵێم با تۆش بزانی
لەبەر عەشقی موحەمەد سورە ڕەنگم
بدەن سەڵاوات لە جەماڵی موحەمەد ﷺ

****

لە مانگ پرسیم بۆ ئەم شەوگارە وێڵی
دەمێ هەیت و دەمێ جێمان ئەهێڵی
هیلالی یا چواردەی ، بۆچی ئاوای
وتی بێژم نەبێژی هەرزەگێڵی
کەمن عەبداڵەکەی عەشقی ڕەسولم

بدەن سەڵاوات لە ڕووخساری موحەمەد ﷺ

****

لە باڵندەی سەحەر پرسیم براکەم

برا خۆش دەنگەکەم ئاگر نەواکەم

لەبەرچی ئاگرە نەغمەی بەیانیت

وتی با پیت بڵیم دەردت دەواکەم

لەبەر عەشقی موحەمەد گەرمە دەنگم

بدەن سەڵاوات لە ئەنواری موحەمەد ﷺ

****

لە ڕۆژ پرسیم شەکەت نابی لە کارت

لە سەیر و هاتووچونی جار بە جارت

ئەسوتێیت و گزینگت دای لە عالەم

وتی (شارۆخ) بە گیانی تاقە یارت

کە سوتاوم لە تاوی فەخری عالەم

بدەن سەڵاوات لە دیداری موحەمەد ﷺ

****

لە مندەری مەدینەم پرسی بۆچی

**کز و عاجز و لاوازی لەبەرچی**

**کەوا دڵپەست و پەرێشانی یاری**

**وتی با پێت بڵێم با تۆش بزانی**

**لەپاش وەفاتی فەخری عالەم ئاوام**

**بدەن سەڵاوات لە ڕووخساری موحەمەد ﷺ**

****

**پرسیم لە خاک وماڵەکەی مەدینە**

**لە پای چی بووی تۆ بەم شارە شرینە**

**بەدڵ شادیەوە وا دای جەوابم**

**وتی با پیت بڵیم با تۆش بزانی**

**کەمن موحەمەد ﷺ م لەباوەش دایە**

**بدەن سەڵاوات لە ئەنواری موحەمەد**

# تۆ ئەحمەدی موختاری موقەرەبی غەفاری

تۆ ئەحمەدی موختاری ﷺ موقەرەبی غەفاری
شافیعی گوناهباری لێت بێ صەڵاتی باری

****

تەواف و ئاوی زەمزەم سەعی سەفا و مەروەم
هیچ نیە پێی بە دڵ کەم بەبێ خەسارە داری

****

هەموو میوانی خواینە پاک لە گوناە جودایینە
تاڵیبی مەرحەبایینە عەفووی پەروەردگاری

***

مەدحی حەبیبی ئەکرم ﷺ دوورە لە من بە هەردەم
مەعقول نیە کە دەس دەم لە مەدحی ئال و یاری

# ئەی شاهی مەککە حاکمەکەی شاری مەدینە

ئەی شاهی مەککە حاکمەکەی شاری مەدینە ﷺ

ئەی ڕەحمەتی حەق گوڵشەنی گوڵزاری مەدینە ﷺ

قوربانت ئەبم ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە ﷺ

ڕەحمێ بکە بەم حاڵ و بە ئەم قەلبە حەزینە

ڕۆژێ ببێ زیارەتی ڕەوزەت بە نسیبم

ئەی گرمە تەلاَ ئەم ڕووە بەو خاک و زەمینە

ئەم تۆزە لە ڕێدا کە دەنیشێ لە وجودم

دەرمانی غەم و مەرهەمی سەد کۆنە برینە

سەد مەرتەبە قوربانی غوباری قەدەمت بم

یەک لەحزە بە چاوی کەڕەم ئەم مەجلیسە ببینە

(قودسی) بووە بە خادم و مەداح لە حزورت

ئەی غوث الثقلین طەلەبمان کە لە شاری مەدینە

# مانگی مەولود هات بەخێر بێتەوە

مانگی مەولود هات بەخێر بێتەوە

بەیادی ڕەسول دڵ ئەکرێتەوە

❊❊❊❊

لە دوانزەی مانگی رەبیعول ئەوەل

هاتە دونیاوە ئەحمەدی مورسەل ﷺ

❊❊❊❊

باوکی عبدالله دایکی ئامینە

ناوی محمد ﷺ لەقەب ئەمینە

❊❊❊❊

بوو بە پیغەمبەر ﷺ لە چل ساڵیدا

حەزرەت جوبرائیل وەحی بۆ هێنا

❊❊❊❊

پاشان کۆچی کرد لە مەککە دەرچوو

چوو بۆ مەدینە لەوێ جێگیربوو

❊❊❊❊

دینی ئیسلامی تەواو کرد بۆمان

پاشان کۆچی کرد ڕەسولی یەزدان ﷺ

****

خوایە بڕژێنە سەڵات وەک باران

بۆسەر پێغەمبەر ﷺ هەم ئال و یاران

# مەدینە خۆشە بەهەشتی خوایە

مەدینە خۆشە بەهەشتی خوایە

جێگا و ئارامگای ڕەسول اللە یە ﷺ

❊❊❊❊

یا رسول اللە ﷺ شەیدای دیدارم

ئامانەت باری کوردی هەژارم

❊❊❊❊

یارسول اللە ﷺ من میوانی تۆم

میوانی خوانی خانەدانی تۆم

❊❊❊❊

هەرتۆی پەنامان یا خیر الانام ﷺ

بڕژێ بەسەرتا سەڵات و سەلام

❊❊❊❊

بەدەنگی خۆش و اللە اکبر

بیین بۆ دیداری سەیدی سەروەر ﷺ

❊❊❊❊

**یا رسول الله ﷺ بەرەو ڕووت هاتم**

**گەر قەبوڵم کەی خادیم دەرگاتم**

❋❋❋❋

**خۆم بە قوربانی شاهی مەدینە ﷺ**

**سەرتاپای باڵای شوعلەی نورینە**

❋❋❋❋

**خۆم بە قوربانی عەبای سەرشانی**

**زیکر و تەهلیلەی ناو دەروێشانی**

❋❋❋❋

**وا ئەمڕۆ بوومە میوان مەزارت**

**ڕاز و نیازم هێنا دیدارت**

❋❋❋❋

**ساڵەهای ساڵە ئاواتم تۆیە**

**کڵپەی دەرونم دیداری تۆیە**

# سەڵاوات بێ بەخوڕەم بێ

سەڵاوات بێ بەخوڕەم بێ دەخالەت یا رسول الله ﷺ
لەسەر تۆ بێ هەموو دەم بێ شەفاعەت یا رسول الله ﷺ

****

بە جوبریلی ڕەفیق ڕێگات دەخالەت یا رسول الله ﷺ
لە سیدرە ئەو لەتۆ جێما شەفاعەت یا رسول الله ﷺ

****

بەجاهی سەییدەی کوبرا دەخالەت یا رسول الله ﷺ
بە حوبی فاتیمەی زەهرا شەفاعەت یا رسول الله ﷺ

****

بەحەسەن و بە حوسینت دەخالەت یا رسول الله ﷺ
دوو ڕوناکی عەین و زەینت شەفاعەت یا رسول الله ﷺ

****

بە ئال و بەیت و ئەسحابت دەخالەت یا رسول الله ﷺ
بە گشت ئەولیا و ئەقتابت شەفاعەت یا رسول الله ﷺ

****

**بە یارانی خاوەن قەدرت دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**بە ئەسحابەی غەزای بەدرت شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

****

**بە ئەسحابەی غەزای خەندەق دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**بە پەیڕەوانی ڕێگای حەق شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

****

**بە سەلمانی دوو سەد ساڵە دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**کە خۆت فەرمووت ئەهلی ماڵە شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

****

**بە ئەو حەزرەتی مەولانا دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**بەو پیرانەی هەورامانە شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

****

**دەسێ بخەرە نێو دەسمان دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**لەگەڵ دەستی شای عوسمانا شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

****

**بە غەوس و شاهی نەقشەبەند دەخالەت یا رسول اللە ﷺ**

**بە ئەحمەد فاروقی سەرهەند شەفاعەت یا رسول اللە ﷺ**

# یا موحەمەد ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تەوبەبێ

یا موحەمەد ﷺ ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تەوبەبێ

هەرچی هەم بێ شک سەگی ئاستانەکەی تۆم تەوبە بێ

زەڕەیێ شوعلەی جەماڵت کائیناتی کردە نوور

هەروەکوو زەڕە منیش پەروانەکەی تۆم تەوبەبێ

ئەنبیا هەرکەس بە ئومەتیانەوە وەک من ئەڵێن

ئینتیزاری هیمەتی مەردانەکەی تۆم تەوبەبێ

ناسیخی جوملە کیتاب و جامیعی جوملە کیتاب

کافریش بم عاشقی قورئانەکەی تۆم تەوبەبێ

سەیری ئەعمالم ئەکەم دایم فوغان و ناڵەمە

گەر موفەڕڕەح بم لەسەر پەیمانەکەی تۆم تەوبەبێ

هەر بە ئانێ کاشفی سڕی سەماوات و مەلەک

من وەکو ئەفلاک و مەلەک حەیرانەکەی تۆم تەوبەبێ

خاتیمەت کێشا بە ئەمری هەموو پێغەمبەران

من وەکو مەهدی لەسەر پەیمانەکەی تۆم تەوبەبێ

جەژنی قوربانە قەسابیش حازرە خۆزگەم بەخۆم

خۆم و ئەولادم هەموو قوربانەکەی تۆین تەوبەبێ

بێکەس و حەیران و سەرگەردانە (حەمدی) وەک عەرەب

ئەلئەمان دەستی من و دامانەکەی تۆم تەوبەبێ

## یا عەلی مەولام عەلی شێرەکەی جەبار عەلی

یا عەلی مەولام عەلی شێرەکەی جەبار عەلی

ئامۆزای موختار عەلی صاحب ذوالفقار عەلی

****

اصغرم لایە لایە کۆرپەی شرینی دایە

ئەمڕۆ لە کەربەلایە بێنازی باوە و دایە

****

زەینەب کوڕی کوژراوە براو کەسی نەماوە

تەنها سۆزی بۆ حوسەین ئەمڕۆ لەوێدا ماوە

****

ئاودێری کەوسەر عەلی فاتحی خەیبەر عەلی

برای ناوجێگات عەلی خاوەنی غەزات عەلی

****

دەرگای هەژاران عەلی لانەی بێزاران عەلی

ساکن بیابان عەلی شەهیدی میحراب عەلی

****

بۆ عەباس و کوڕانی سەرجەم گشت براکانی

ئال و بەیتی پێغەمبەر گشت بوون لەوێ قوربانی

❊❊❊❊

ئەی مەعدەنی ڕێی ئیمان ئەی سەروەری شەهیدان

تۆ باوکی حەسەنەینی ئیمامی هەردوو زەمان

## دە بابچینە مەدینە ئەو شارە چەند شرینە

دە با بچینە مەدینە ئەو شارە چەند شرینە

جێی عیلمە و جێگای دینە جێی گەورەی مورسەلینە ﷺ

سەرداری سەر زەمینە

❊❊❊❊

ڕووناكی چاوم هەرتۆی شاهی مەدینە

سەرێ بەرزكە بەقوربان حاڵی ئێمە ببینە

❊❊❊❊

دڵی من چۆن بسرەوێ ئومەت گەلێ غەمگینە

خودا بیكەی بە قسمەت بچینە مەككە و مەدینە

❊❊❊❊

ئەوەی ئەو بۆنە بۆن بكات ناخۆشیی دەڕوا یەكسەر

هەروەها بۆنی ئالو بەیت بۆنی تۆیە پێغەمبەر ﷺ

❊❊❊❊

پێغەمبەرمان شیرینە شیفای دەرد و برینە

خودا فەرمووی لە قورئان تۆی سەروەری ئەم دینە

****

**ڕەحمەت دەبارێ بەخوا لەم شوێنە زۆر ئەمینە**

**خودا لێمان ڕازی بە لەبەر طه الامینه ﷺ**

****

**سەد ماشەڵا چەند خۆشە بۆنی ڕەوزەی پێغەمبەر ﷺ**

**گەلێک لە ڕەیحان خۆشتر هەروەها لە میسک و عەنبەر**

# لەناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆیی

لە نا کەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم

دە سا خودایە بمژێنی تا لەبەر قاپی کەسێ ئەمرم

ئەجەل دەورەم ئەدا حازر بە وادەی دەور و تەسلیمە

منی غەفڵەت زەرد هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم

خەیاڵی پووچی دنیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە

قیامەت هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم

لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ ئەگرم

چیە سوچ و گوناهی بۆچی ئەیکاتە جەزاخانە

لەقەبر هەڵکەن هەتا ڕۆژی جەزا دەعوا چیە قەبرم

سبەینێ (یوحشەرولمەرئە)ە برا گەل فرسەتە ئەمڕۆ

تەبەڕڕا بن لە من با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم

لە من نازنام ئیتر نەفسی بەدخۆ چی دەوێ (مەحوی)

کە بەدکار و بەدڕەفتار و بەدئەفکار و بەد تەورم

# من میوانی تۆم

من میوانی تۆم من میوانی تۆم

میوانی خوانی خانەدانی تۆم

❊❊❊❊

لە سارای چۆڵا باوە باوەمە

چاوەڕێی ڕێگای ناو باوانی تۆم

❊❊❊❊

خۆم بە قوربانی قوبەی سەوزی تۆم

عآشق جەماڵی زۆر جوانی تۆم

❊❊❊❊

بەهیوای قەبوڵ ئەپاڕێمەوە

داماوی سایەی ڕێی سەیوانی تۆم

❊❊❊❊

لە گشت وڵاتێ بەندەی تۆ زۆرن

منیش بەندەکەی کوردستانی تۆم

❊❊❊❊

با بۆ دواین جار دوا سەفەرم کەن

نزیک مەدینەی بۆن عەنبەرم کەن

****

(نامی)ناوی خۆی لیرەدا نوسی

ئەم (روضة)م دانا بۆ باوانی خۆم

# خودایە عاجز و بێدەسەڵاتم

خودایە عاجز و بێدەسەڵاتم

بگاتە بارەگای تۆ شکاتم

سەراپا غەرقی عصیان و گوناهم

عەفوو فەرموو لە گوناهو سەیئاتم

بەدەستی دەردەوە غایەت زەبوونم

خودایە بە هەوڵ و قووەتی تۆیە نەجاتم

ئەگەرچی دەردەکەی من بێ دەوایە

خودایە لەلای تۆ سەهلە حەلی موشکیلاتم

خەزێنەی ڕەحمەتی تۆ بێ ژمارە

منیش مسکین و موحتاجی زەکاتم

لەشوکری نیعمەتت دەرچم مەحاڵە

وەکو (سابیر) هەتا ڕۆژی مەماتم

## یا ڕسول الله یا شای مەدینە

یا رسول الله یا شای مەدینە ﷺ

هەرکەس عاشقتە دڵی مەشکێنە

❊❊❊❊

ڕێگای مەدینە بچێنم بە گوڵ

ئاوی بۆ بێنم بە دیدە و بەدڵ

❊❊❊❊

ئاسمان تا ئاسمان کەیف و صفا یە

جەژنی مەولودی ڕسول الله یە ﷺ

❊❊❊❊

جەژنی مەولودی فەخری عالـەمە ﷺ

ڕووناکی چاوی حەوا و ئادەمە

❊❊❊❊

خۆم بە قوربان خاوێنی هەستی

مانگی دوولەت کرد بە پەنجەی دەستی

❊❊❊❊

هەر وەک حاجیان لە دوور بیت الله

بێم بۆ زیارەتت یا رسول الله ﷺ

****

وەسفت کراوە لە چوار کتێبان

ئینجیل و زەبور. تەورات و قورئان

****

بچمە مەدینە بۆستم بە پاوە

بڵێم ئازیزم موحەمەد ﷺ ناوە

# ڕەبی بنێرە سەڵاوات

ڕەبی بنێرە سەڵاوات

بۆ حەبیبی خۆش لیقای تۆ

ئەحمەد و ئەسعەد و موحەمەد

موجتەبایە موستەفای تۆ

❊❊❊❊

گیان فیدای عەرعەری باڵای تۆ

دڵ فیدای سێبەری ئاڵای تۆ

پادشایە ئەوەی بێتە بەر

سێبەری باڵی همای تۆ

❊❊❊❊

شاد ئەبی ئەو کەسەی ببینێ

هەیئەت و سورەت و سیمای تۆ

بۆ کەسێ بێتە جێ حزورت

تاجی عیزەتە لیقای تۆ

❊❊❊❊

شەونمی فەیزی تۆ شیفایە

بۆ جەفاکێشی وەفای تۆ

مەرهەمی زامی دڵانە

چاوی ئاهوی بێ خەتای تۆ

****

نیو نیگای تۆ بە میهرەبانی

کافییە بۆ موبتەلای تۆ

فەجری تەئریخی تۆ کە دەرکەوت

شەوقی داوە لەبەر سەفای تۆ

****

یا مزمل بۆ خەڵاتت

یا مدثر بۆ کاڵای تۆ

یاسین لەقەبی تەشریفت

طە بۆ بەدری گۆنای تۆ

****

بەهەموو ڕەهبەرانی عالەم

هاتنە جێگەی ئیقتیدای تۆ

قەت تەواو نابێ تەعریفت
خولوقون عەظیم سەنای تۆ

****

نەرگس و سۆسەن و وەنەوشە
مەستی بۆنی بێ هەوای تۆ
سەروی جۆباران ئەلەرزین
لە شەرمی شنەی باڵای تۆ

****

سوپای ئەبرەهەی خەتابار
بوون بە سەرگەردی ئاڵای تۆ
چواردە تاقی قەسری کیسرا
کەوت لەبەر بەرقی باڵای تۆ

****

عاشقانی تۆ هەر زیندوون
تا ئەبەد لەبەر وەلای تۆ
چەن نیشانەی پێ نیشان داین
هاتنی دەوری دونیای تۆ

# نوری خودایە سەرووی ئەنبیایە

نوری خودایە سەرووی ئەنبیایە شاهم محمد ﷺ

دڵی ئەرز و سەما هەروەکو ڕۆژە شاهم محمد ﷺ

خوا لەبەر تۆ کەونی دروست کرد ئەی ڕەسوول ﷺ

هەر لەبەر تۆ یە قوربان ڕێزی موسوڵمان شاهم محمد ﷺ

خوا ئەفەرموێ تۆی لە ئەخلاقا یەکەمی یا محمد ﷺ

ڕەوشت بەرز و پاک و جوانە شاهم محمد ﷺ

یا رسول الله ﷺ تۆی شافیعی ئەم ئومەتە ڕۆژی جەزا

هەموو عالەم موحتاجین بە تۆ شاهم محمد ﷺ

# یا رسول الله به غیرەتت قەسەم

یا رسول الله ﷺ به غیرەتت قەسەم دەمێکە دیلە ئومەتت

بەدەس عەدوی دینەوە عەجەب زەلیلە ئومەتت

لە خەستەخانەی غەمما وەها عەلیلە ئومەتت

لە چیهرە زەردیا دەڵیی دووچاری سیلە ئومەتت

یا رسول الله ﷺ من بەبێ تۆ قوربان ڕوو لە کێ بکەم

تۆی دەرمانی دڵی بریندارم هەم شیفای دەردەکەم

## الله الله شەیدام الله

الله الله شەیدام الله

دەخالەت یا رسول الله ﷺ

❋❋❋❋

نەخۆشێکم لە ناو جێدا

گەلێک پڕ ئێش و ئازارم

ئەگەر هیممەت نەکەی شاهم

خەجاڵەت خۆم گوناهبارم

❋❋❋❋

لەمەیدانی تەسەوفدا

وەکو دەروێش و دێوانم

لە خەڵوەتخانەی پیر بژیم

جێگای سۆفی و موریدانم

❋❋❋❋

من عەبدێکی زۆر شەرمەندەم

هەڵەم زۆر کرد و نەمزانی

بەڵین بێت تاکو من ماوم

نەکەم بێ ئەمری و فەرمانی

## کوانێ ئەسکەندەر شەرق و غەربی گرت

کوانێ ئەسکەندەر شەرق و غەربی گرت

وەختێ کە زانی ئەجەل یەخەی گرت

❊❊❊❊

ئەگەر بە عیلم و فەزڵ ببوایە

حەزرەتی ئادەم ئەبوا بمایە

❊❊❊❊

ئەگەر بە عومر و عەمەل ببوایە

حەزرەتی نوح ئەبوا بمایە

❊❊❊❊

ئەگەر بە سەبر و تەحەمول بوایە

حەزرەتی ئەیوب ئەبوا بمایە

❊❊❊❊

ئەگەر بە حوسن و جەماڵ ببوایە

حەزرەتی یوسف ئەبوا بمایە

❊❊❊❊

ئەگەر بە ڕوح القدس بوایە

حەزرەتی عیسا دەبوا بمایە

****

ئەگەر ئەم دنیا ئەما تا ئەبەد

ئەبەدی هەبوو لە بۆ محمد ﷺ

****

دنیا نامێنێ هەمووومان ئەمرین

ڕۆژی حەشرمان وا لە پێشدایە

****

کوانێ لە کوێ ما دونیای بیوەفا

خۆ بۆ حەزرەتی محمد ﷺ نەما

## سەڵات لەسەر پێغەمبەر ﷺ

سەڵات لەسەر پێغەمبەر ﷺ

هەم ئال و بەیتی سەروەر

فەرموو گشت بڵین یەکسەر

لا الە الا اللە

❊❊❊❊

بۆ ناو دەروون دەرمانە

ئەوەی کە موسوڵمانە

دەفەرموێت ئەو قورئانە

لا الە الا اللە

❊❊❊❊

ئیمان زوو بێنە کاکە

دینمان دینێکی چاکە

بڵێن ئەم وشە پاکە

لا الە الا اللە

❊❊❊❊

هەروەک حوسێن بەرزنجی

خاوەن خەزێنەو گەنجی

گەر بێ و بیڵێین بە توندی

لا الە الا اللە

****

دڵ مەجبوور زیکری خوا بێ

لە دونیا تەوەلا بێ

خودا ڕەحمەتت بابێ

لا الە الا اللە

****

بە دڵ ئەڵێین بە زوبان

ئیقرار ئەکەین بە یەزدان

فەرموو بڵێن هەمووتان

لا الە الا اللە

****

لە میزاندا گرانە

بەقەد ئەرز و ئاسمانە

کاکڵەی دین و ئیمانە

لا الە الا اللە

****

ئەم ڕستەیە ڕەحمەتە

گەورەترین نیعمەتە

فەرموو بڵێن فرسەتە

لا الە الا اللە

# يا رسول الله گيانە

يا رسول الله ﷺ گيانە

بۆنی جسمت ڕەیحانە

بە ڕەحم و میهرەبانی

ڕەوشتت بەرز و جوانە

❊❊❊❊

تۆ هەم طە و یاسینی

موحەمەدولئەمینی ﷺ

سەرداری ڕووی زەمینی

جێگەت ئەعلا جینانە

❊❊❊❊

خوایە ڕەوا ببینە

ڕەحمێ کە بەم مسکینە

عەبدێکی دڵ غەمگینە

ڕەحمی تۆ بێ پایانە

❊❊❊❊

سەڵاوەت لێدەن کاکە

لەسەر ئەو زاتە پاکە

لە مەحشەردا بێباکە

شەفیعی هەموومانە

****

سەڵاوات دەن خەڵكینە

لەسەر شاهی مەدینە ﷺ

خاتەمی مورسەلینە

ڕابەری ئینس و جانە

****

میعراج کرای بۆ ئاسمان

بینیت گشت پێغەمبەران

بووی بە ئیمام هەموویان

سەلامت لێبێ گیانە

****

قورئان بۆت هات بە خەڵات

بە سورەت و بە ئایات

**جیهادت کرد هەموو کات**

**تا دەرچووی لەم جیهانە**

## شا عبدالقادر شا عبدالقادر

شا عبدالقادر شا عبدالقادر

به ظاهر دووری به باطن حازر

****

منارەی تەکیەی بیلبیلەی سەوزە

حاجی کاک ئەحمەد خەلیفەی غەوسە

****

منارەی تەکیەی بەرز و دیارە

شا عەبدولقادر شێخێ نازدارە

****

دەڵێن لە بەغداد جەماعەت جەمە

کورەی زیکرەکەی غەوسی ئەعزەمە

****

بابێ هیمەتێ غەوسی دەروێشان

وادەی من و تۆ ڕۆژی گیان کێشان

****

دەورەی بەغداد وەک حەسارە

عەبدولقادر تیای موختارە

****

لەو ڕۆژەی دەرچوو لەم دونیای فانی

عالەم دەگریا بۆ غەوسی گەیلانی

# لەو غارەیدا لەو غارە

لەو غارەیدا لەو غارە ئەو دوو جوانە لەو غارە

ئەبو بەکر و پێغەمبەر ﷺ هەردووکیان وا لەو غارە

❋❋❋❋

عەنکەبووت خێمەی دانا کۆتر کردی هێلانە

تا لە شەڕی کافران حفظ کا خوا ئەو دووانە

❋❋❋❋

ئەبو بەکر جار بە جار دڵی خەتەرەی ئەکرد

لەبەر زاتی پێغەمبەر ﷺ دووعای خێری زۆر ئەکرد

❋❋❋❋

پێغەمبەر ﷺ جا دەیفەرموو مەترسە ئەی یاری من

بە ئاگا و خەبەر دارە خالق و سەرداری من

❋❋❋❋

ئینجا هیجرەتیان فەرموو هەردوو بەرەو مەدینە

ئەبو بەکر و پێغەمبەر ﷺ گەورە و شای سەر زەمینە

# لە ئادەم تاکو خاتەم

**لە ئادەم تاکو خاتەم کەس نیە هاوتای موحەمەد ﷺ بێ**

**نیە هیچ کەس عوقبای وەک عوقبای موحەمەد ﷺ بی**

**بە تەشریفی هەموو دونیا شەوی مەولود مونەوەر بوو**

**دەیانوت نوری وا قەت نابێ مەگەر توغرای موحەمەد ﷺ بێ**

**بەشارەت بێت ئەی ئیمانداران کە پێغەمبەر ﷺ تەبیبە بۆتان**

**خۆزگام بەوکەسەی لە ڕۆژی حەشر لە ژێر ئالأی محمد ﷺ بێ**

# خوا کە خەلقی کرد

خوا کە خەلقی کرد نووری حەبیبی خۆی لە نوری زاتی پاک

ئەو زەمانە هیچ نەبوو لە ئادەم وەلا ماء و خاک

عالەمی کردە جەسەد نووری حەبیبی کردە ڕووح

بۆیە هەر ماوە و ناخنکێ بەسەد تەوەفانی نووح

خوا لە قورئانی موبین ئیفزاڵی ئەو ئەکا ئیثبات

کافیە شق القمر میعراج و باقی موعجیزات

هەروەها ئایەتی وما ینطق عن الهوی (سابیر) چیە

هەرچی پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ بێشک کەلامی ڕەبیە

# محمد سەیدی سەروەر

**محمد ﷺ سەیدی سەروەر محمد ﷺ شافیعی مەحشەر**

**محمد ﷺ ساحیبی کەوسەر حەبیبی ئەکبەر**

❊❊❊❊

**محمد ﷺ خەتمی ئەنبیا محمد ﷺ شاهی ئەولیا**

**محمد ﷺ شەمعی ئەصفیا شەمعی ئەصفیا**

❊❊❊❊

**محمد ﷺ رحمة الله محمد ﷺ صفوة الله**

**محمد ﷺ حبیب الله حبیب الله**

❊❊❊❊

**یا رحمة للعالمین یا شفیع للمذنبین**

**یا احمد ﷺ طه و یاسین روح الامین**

❊❊❊❊

**ئەی خالقی ڕۆژ و شەوێ هەرکەس پێغەمبەری ﷺ دەوێ**

**بابەر شەفاعەتی کەوێ شەفاعەت ئەی سەرداری من**

❊❊❊❊

**لە ئاسمانا تۆ ئەحمەدی ﷺ لەسەر زەمین موحەمەدی ﷺ**

**پارچەیەک لە نوری ئەحەدی شەفاعەت ئەی نازداری من**

# هەم ماڵ و مینم یا نەبی

هەم ماڵ و مینم یا نەبی

تۆی دنیا و دینم یا نەبی ﷺ

بە فیدای تۆ بێ یا نەبی

ڕووحی شرینم یا نەبی ﷺ

❊❊❊❊

مەست و حەیرانم یا نەبی

شاهی مەردانم یا نەبی

هەر بە یادی تۆ یا نەبی

چاو بە گریانم یا نەبی

❊❊❊❊

لەوڕۆژەی تۆ بوی یا نەبی

زەمین گەشاوە یا نەبی

کافران بەجارێ یا نەبی

سەریان لێشێواوە یا نەبی

❊❊❊❊

خۆم بە قوربانی یا نەبی

عەلی و فاتیمە یا نەبی

حەسەن و حوسەین یا نەبی

حەزرەتی عەباس یا نەبی

❊❊❊❊

سەد جار بکوژرێ یا نەبی

عاشقت بە تیر یا نەبی

چاکتر بۆ عەشقت یا نەبی

ئەکۆشێتەوە یا نەبی

❊❊❊❊

دەمێ بگاتە یا نەبی

تۆزی بەری پێت یا نەبی

شراب الطهور یا نەبی

ئەنۆشێتەوە یا نەبی

❊❊❊❊

دڵێ بەیادی یا نەبی

تۆ نورانی بێ یا نەبی

لەگەڵ فریشتە یا نەبی

ئەبێ بە هاودەم یا نەبی

****

ئەی یادگاری یا نەبی

نەتەوەی ئادەم یا نەبی

بۆتۆ بوو دنیا یا نەبی

دەرچوو لە عەدەم یا نەبی

# یارسول الله یا خیر البشر

یا رسول الله ﷺ یا خیر البشر

تکاکەرەکەی مەیدانی مەحشەر

چرای ئیمانمان یاخوا بەخێربێی

❊❊❊❊

یا رسول الله ﷺ گەورەی ئەنبیای

خۆشەویستی لای خودای تەعالای

❊❊❊❊

یا رسول الله ﷺ ناوت چەند خۆشە

عارەقت گوڵاو بۆنت وەنەوشە

❊❊❊❊

شەهادەت پێدێنم کە پێغەمبەری ﷺ

هاتووی کە ئێمەش بۆ بەهەشت بەری

## سەڵات و سەلامی حەق لەسەر فەخری بەشەر بێ

سەڵات و سەلامی حەق لەسەر فەخری بەشەر ﷺ بێ

بەقەد عیلم و حیلمی ڕەب هەموو ئانێ با هەر بێ

❊❊❊❊

بابی عبدالله ئیبنی عبدالمطلب هاشم

دایکی ئامینەی وەهەب ناسەب پاکی اطهر بێ

❊❊❊❊

موحەمەدە ﷺ لە زەمین مەحمودە ﷺ لە ئاسمان

موختار ئیبنی موختارە مصطفای نێو مضر بێ

❊❊❊❊

ئەحمەد ﷺ صادق الامین مەولودی مەککەی گوڵزین

لە چل ساڵا مورسەل بوو تا عالەم بەو ئەنوەر بی

❊❊❊❊

لە پەنجا و دوو یان سێدا تەشریفی چووە مەدینە

تا ئەم دینە لەوێدا هەم ناصر و منصور بێ

❊❊❊❊

## دوانزەی ڕەبیع الاول عومری لە شەست و سێدا

## ڕیحلەتی فەرموون مەدفوون مەدینەی مونەوەر بێ

# سۆزێک بۆ منداڵ

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان . ئەی موسوڵمانان با هەموومان گوێ بگرین بۆ باسی یەکێک لە ڕەحمەتەکانی پێغەمبەرمان . ڕۆژێ حەزرەتی ڕەسول لەگەڵ یاران بۆ جەژنانە کەوتنە شاران . بینی وا لە دوور کۆمەڵێ منداڵ وا یاری دەکەن بە کەیف و خۆشحاڵ . بەڵام یەک منداڵ زۆر دوور بوو لەوان دانیشتبوو گەلێ عاجیز دەگری زۆر پەرێشان . وا دانیشتووە لەسای دیوارێ فرمێسک لە چاوی دەبارێ . حەزرەت پێی فەرموو ئەی ڕۆڵە گیان بۆ یاری ناکەیت ئەی ڕۆڵە گیان . خۆ ئەمڕۆ جەژنە جەژنی شادانە ڕۆژی یاریە و کوڕە جوانەکەم ڕۆژی منداڵانە . منداڵ جوابی دا بە دڵێکی غەمگین مەست و پەرێشان زۆر مات و حەزین . لێم گەڕێ مامە دەردم کاریە کەس لە حاڵی من مامە گیان ئاگادار نیە . وتی مامە گیان خۆ من هەتیوم هیچ کەسم نیە ، بێباوک و دایکم . باوکم نەماوە لە غەزای بەدر شەهید کراوە . باوکم نەماوە دەستم ڕاکێشی دایکم نەماوە نازم بکێشێ . لە دایک و لە باوک من خێرم نەدی غەیری ناخۆشی هیچ خێرم نەدی . دایە گیان بۆچی وا بەجێت هێشتم ڕەنگ زەرد و لێو بەبەرد شکاندت پشتم . دایە گیان لە دوای تۆ کێ خەمخوارم بێ ، لە شەوان دایە گیان کێ ئاگادارم بێ . ڕەنگی بێباوک و دایکی لەڕووی نیشتووە سەرتاپای هەمووی غەم دایگرتووە . کەسێ نیە دەسێ بەسەریا بێنێ ئەو منداڵە جوانە دڵی باتەوە و غەمێ نەچێنێ . هەموو منداڵانی گەڕەک ڕازاونەتەوە وەک وێنەی گوڵان . لەدایک زیاتر لە باوک

زیـاتر نیه غەمخواریٚ نیه مـامه گیـان پڕ لـه ئـازاریٚ . حەزرەت هەردوو چاوی گەش و جوانی ئاوی تیا وەستا فرمێسک هاته خوار له نێو چاویدا . فەرمووی ڕۆڵه گیـان مەگری قەدری هەتیوان قەدری بێبـاوکـان لای خودا گرانه . هەرکەس هەتیوه ڕۆڵه زۆر میهرەبـانه . تۆ ڕازی دەبی من ببمه باوکت خەدیجەی نـازدار ببێته دایکت حەســەن و حوســەین ببنه برای تۆ حەزرەتی عەلی ببێته مامت فەرمووی الله لەو پله بەرزه باوکم پێغەمبەر دایکم خەدیجه .

## ئەی سەیدی سەرداری من

ئەی سەیدی سەرداری من

ئەی مەحرەمی ئەسراری من

ئەی ئەحمەدی ﷺ موختاری من

سەڵات لەسەر تۆ یاری من

❊❊❊❊

دەمێکە هیجر و ماتەمە

تاکەی بمێنم لەو غەمە

هەروەکو جاران کۆڵەمە

با بەس بێ ئینتیزاری من

❊❊❊❊

مەعلومە قەدری تۆی عەزیم

عیسای ڕووح و موسای کەلیم

ڕووتبەی ڕەسولانی کەریم

سەبەب ئەتۆی نیگاری من

❊❊❊❊

لە غەيرى ئەو خودايە بەس

ناگاتە جێی ئەو شايە كەس

لە عالەمی جودايە بەس

لوئلوئەی جەوهەرداری من

****

نوری بناغەی عالەمە

بۆ ئەنبيايان خاتەمە

ئادەم لەبەر ئەو ئادەمە

تەحقيق بكەن گوفتاری من

****

چەند جار دەيانگوت شاعيری

كاذب و كاهين و ساحری

هەرچەند دەيان كرد ماكری

حفظی كرد ئەو سەتتاری من

****

مزگێنی بۆ حەليمە بێ

شيرخۆری ئەو يەتيمە بێ

هەرزانی لەو ئیقلیمە بێ

بە شیری زۆر بۆ نازداری من

# غوڵامی دەرگاهی تۆم

غوڵامی دەرگاهی تۆم

قوربانی حەزرەتی تۆم

ئەسیری خاکی ڕێی تۆم

ڕووحم لە ڕێت داناوە

❊❊❊❊

غەم با بڕوا شادی بێ

شادی غەم ئازادی بێ

گەر شاه لوتفی هادی بێ

تانەم لە شاهی داوە

❊❊❊❊

دڵم کردە ئیساری

ئایەتی مەسحەفی ڕووت

بە ئیعجازی دوو ئەبرۆت

ساقی دڵم شکاوە

❊❊❊❊

فوارەی چاوەکانم

جۆش و قوڵی هەڵداوە

ساوەی سینەی دڵ وشکە

چاوی چاوم خوێناوە

****

شاهی علاء الدینە

شەمسی سەما و زەمینە

کەنزی ئیمان و دینە

دڵم عەشقی بەو داوە

****

قەزا گەردانی تۆ بێ

ڕووح و گیانی شرینم

فیدای تۆزی ڕێگەت بم

جارێ لاکە بەملاوە

****

دایم مەحوی هەواتە

عثمان گوڵی دەرگاتە

# سەربەرزی گشت وڵاتە

# لەم لاوە یان لەو لاوە

# لە ئەوەڵ و لە ئاخیرا

لە ئەوەڵ و لە ئاخیرا مەداری ئەنبیایە ئەو

لە ظاهر و لە باطنا حەبیبی كبریایە ئەو

دەموژدەبی لە ئومەتی كە گەورەیەكی وەهایە ئەو

لە ڕۆژی مەحشەردا تكای هەموو گوناهبار دەكا

# ئەحمەد مورسەلی خوایە

ئەحمەد ﷺ مورسەلی خوایە

خۆشەویستی الله یە

خاتەمی ئەنبیایە

بەحەق رسول الله یە

❊❊❊

هێنەری ئایەی قورئان جبرائیلی ئەمینە

خوایە بڕژێنە سەڵات بۆ سوڵتانی مەدینە

❊❊❊

کۆششی بۆ ئومەتی زۆری بینی مەینەتی

لەخۆشی و لە سەخلەتی دایم دەست بە دووعایە

❊❊❊

پەیامی زۆر پیرۆزی بۆ ئومەت بە دڵسۆزی

بە ئیخلاس و بەسۆزی نیشانی دا بێ پایە

❊❊❊

لە مەککە تا مەدینە جێی پێی ئەحمەد ئەمینە

لەگەڵ یارانی گیانی سدیق زۆر بە وەفایە

***

عومەر و عەلی و عوسمان سەلام بەحەق لە گشتیان

دەست لە سینە بە دڵ و گیان ڕوحیان بۆ ئەو فیدایە

***

هەموو سەڵاوات لێدەن سەلام بکەن لە زاتی

شافعی ڕۆژی مەحشەر سەرکردە و پێشەوایە

## وا ربیع الاولە مانگێکی مونەوەرە

وا ربیع الاولە مانگێکی مونەوەرە
مانگی لە دایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەرە ﷺ

***

لە دوازدەی ئەم مانگەدا پێغەمبەر لە دایک بوو
دنیا پڕ بوو لە خۆشی بت پەرستی لە ناو چوو

***

وەک ڕۆژی ڕوون بوو هەڵات دنیای پڕ کرد لە شادی
با ئاهەنگی بۆ ساز کەین بەرز بینرخێنین یادی

***

شافیعی گوناهبارە لە مەوقیفی مەحشەرا
بۆ ئومەتی دڵسۆزە ساقی حەوزی کەوسەرە

***

تەمەنا دەکەم لە خوا ببینم ڕەوزەی جوانی
تاوەکو بەرم کەوێ بۆنی خۆشی جوثمانی

***

ئەی پێغەمبەری ڕەحمەت خاوەنی ئەخلاقی جوان

برژێ بەسەر ڕووحت دا سەڵاواتی بێپایان

# بەسەرهاتی حەزرەتی ئیبراهیم

ڕۆژێ خەوتبوو ڕەســـولی جەلیل ، یەعنی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل . یەکێ لەخەودا فەرمووی ئەی ســـەروەر ئەمری وەهایە خالقی ئەکبەر . سبەینێ وەختێ کەلەخەو هەستان ئیسماعیل ببە بیکە بە قوربان . بیکە بەقوربـان بۆ خودای اعظم مەترســـە اصـــلا دڵت بێ مەحکەم . ئەگەر حەزدەکەی کە بتبێ نەجات جێ بهێنە ئەمری قاضـــي الحاجات . وەختێ بەیانی ڕەســـولی ســـەروەر هەڵســـا لەو لەحزە چوو بۆ لای هاجەر . فەرمووی بە ئەمری خالقی جەلیل هەر ئێســـتا بچۆ بۆ لای ئیســـماعیل . سەری شانەکە تۆ بە شانەی عاج بیڕازێنەوە بیکە سەری تاج . لیباسی تازەی جوانی لەبەر کە جەفەی زۆر بەختی میسڕی لەسەر کە .ئەیبەم بۆ خزمەت زاتێکی سەردار زۆر خۆشەویستە دەکا ئینتیزار . لەڕێگا ڕۆشتن پیاوێ کەوتبوو لەسەر ڕووی زەمین گەلێ عاجز بوو . هەستایە سەر پێ وتی ئەی ڕۆڵەی جوان بـاوکت ئەیەوێ بتکـا بەقوربـان . لە بـاخەڵیـایە تیغێکی پەنهان ئێســـتا ئەیەوێ بتکا بە قوربان . تومەز شـــەیتان بوو ئیســـــماعیل ئازا حەوت بەردی هەڵدا بەنێو چاویدا . ئیبراهیم فەرمووی ئەی نووری چاوان ئەمری فەرمووە حەزرەتی یەزدان . کە بەدەستی خۆم قوربان کەم گیانت ببەخشە بە من ڕووحی ڕەوانت . هەرچەندە بەس تۆم هەیە ڕۆڵە گیان بە ئەمری خودا ئەتکەم بە قوربان . ئیسماعیل وتی بابە گیان ڕازیم دڵخۆشم بە ئەمری خالقی عظیم . ئەمری خودا وایە تۆ مەکە تەئخیر غەم مەخۆ چونکە وەهایە تەقدیر . وەسـیەتم ئەمەیە تەنها بابە

گیان کە سەرمت بڕی توخوا بابە گیان . بە دایکم بڵێ نەکا زار و شین تا ڕۆژی مەحشەر نابینم یەقین . لەگەڵ من دایکی شرینم هەستاوە بەشەو لەخۆی تێکداوە ئیسراحەت و خەو . هەڵی گرتووم نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بە زەحمەت منی گەورەکرد بەسەد موشەقەت . چونکە خۆم ئەکەمە قوربانی یەزدان ئازادم بکە دایە گیان . هیچ شـــیوەن مەکەن مەبن بێقەرار دنیا وەک پردە خەڵک ڕێبوار . باوەگیان ئاسمان پڕ ئەستێرەی تۆن با یەک ئەســـتێرەت کەم بێ غەم مەخۆن . بابە گیان توخوا با تێر تێر ماچ کەم بەری پێت سەرم دابنێم لەسەر خاکی ڕێت . هەرچەندە طفل و منداڵم قوربان لەڕێتا فیدا ئەکەم هەزار گیان . من لە ئەمری حەق اصلا ناناڵم خاکی ژێری پێت بە چاو دەماڵم . یادی من مەکەن دڵخۆش بن توخوا وابزانن هاتومەتە سەر دونیا . ئیسماعیل کە ئەمەی گوت باوکی جا دڵ و جەرگ و هەناوی ســـوتا . بەڵام هیچ چارەی نەبوو ئیبراهیم ئەمری وەهابوو خالقی رحیم . مابوو ســـەعاتێک ســـەرســـام و حەیران جوابی دایەوە فەرمووی ڕۆڵە گیان . سەلامت لێبێت کوڕی حەوت ساڵەم لەداخی تۆیە گریان و ناڵەم . ســـەلامت لێبێت ئەی مانگی تابان منت بە دەرد و غەمەوە ناسان . سەلامت لێبێت گیانی شرینم باعسی ژینم ئیتر ناتبینم . ئیســـماعیل گوتی بابە گیان ئێســـتا جێبێنە ئەمری یەزدان . ئەمری وەهایە تۆ مەکە تەئخیر مەترســـە چونکە وەهایە تەقدیر . زۆر باش دەســـت و پێم ببەســـتە قایم لەژێر تیغەکە نەوەک بلەرزم . چاوم ببەستە نەوەک سەیرم کەی لە سەربڕینم پەشیمانی دەی . ئەو وەختە ئەگەر ببی پەشیمان دەستت ناکەوێ بۆ دەرد دەرمان . خێرابە بابە گیان

ڕووم بێنە ســـەر خـاک جێبێنە ئەمری خودای تـاک . ئەمجـا ئیبراهیم بەدڵێکی غەمگین ئیسماعیلی برد خستیە سەر زەمین . تیغی هەڵکیشا کە بیکا بێگیـان مەلایکەی خوا بەربوونە گریـان . وتیـان ئەی خودای غفور و رحیم . ببەخشـــە خوێنی کوڕی ئیبراهیم . یارب ڕەحمێک کە بەم پیاوی پیر هەمیش ڕەحمێک کە بەم طفلی صـــەغیر . ئیبراهیم تیغی هێنـا بە قوەت نەیبڕی تونـد بوو بە قیم و شـــدەت . بە ئەمری خودا تیغ هـاتە زوبـان وتی ئیبراهیم لە تۆ بێ مژدەی بێپایان . تۆ ئەمر ئەکەەی ســەری کەم جودا خودا بۆ ســـەربڕینی ڕوخســـەتم نادا . هەرچەندە ئەمری تۆ عەزیزە قوربـان بەڵام نـاهێڵێ ڕەحیم و ڕەحمـان . لە پڕ بە ئەمری خـالقی جەلیل هات بۆ خزمەتی خەلیل جبرائیل . هێنای مەڕێکی قەڵەو دەست و برد کە شـــیفا بوو بۆ نەخۆشـــی و دەرد . فەرمووی ئەی نەبی خەلیلی ڕەحمان سەلام ئەکا لێت حەزرەتی رەحمان . قبوڵی کردووە قوربـانیەکەی تۆ لەبەر ئیســماعیل بۆیە غەم مەخۆ . لەپشــتی پاکی ئەم ئەولادەی تۆ دێتە دونیاوە شـــاهێکی ئەوتۆ . کە پێغەمبەری ئاخیر زەمانە لە پشـــت ئیسماعیل ئێستا میوانە ﷺ

## ئەگەر لوتفت هەبێ یا ڕەب

ئەگەر لوتفت هەبێ یا رب ئیمان ئەبێ بە پەرژینم
لەباتی سەیری دونیا کەم بەچاوی دڵ تۆ ئەبینم

****

یا ودود یا ودود
لا الە الا هو

****

چەندە دۆزەخ بڵێسەی بێ باکم نیە لە شاڵاوی
بە عەشقی تۆ گەر ڕژابێ بەسەر سینەمدا ئەسرینم

****

بەهەشتم کەی لە فکرایە مەبەستم بەندەگی تۆیە
ئاواتم تۆی ئیمانم تۆی دڵ عەرش و جێتە ئەیدینم

# یا رسول الله دەخیلە

یا رسول الله ﷺ دەخیلە ڕوو ڕەش و نامە سیام

غەیری تۆ هیچ کەس نیە بۆ من ببێ پشت و پەنام

ڕوو ڕەشی دەرگاهی تۆم هاتوومە بەر دەرگانەکەت

عاجز و ڕیسوای گوناهم خاکە ساری ڕووی جەزام

زۆر پەشیمانم ئەگەرچی پارە ناکا داد و شین

عومری گەنجیم ڕابوارد گشتی بە بێ هۆشی و نەفام

تازە چی بکەم ڕوو لە کوێ بکەم کێ بەیادکەم غەیری تۆ

چاوەڕێی لوتفت ئەکەم وەستاوم هەروەک خەدام

بە دەس هەواو نەفسەوە ئەگەرچی بەندەی موبتەلام

هیلاکی باری مەعسیەت . کەلاکی دەردی بێ دەوام

بەڵام ئەمەم کیفایەتە کە نەعت خوانی موستەفام

خولاسە من لە هەردوو لا کەسێکە مەلجەئو پەنام

کە گفت و گۆ بە وەحشی و غەزال و سووسە مار ئەکا

## سەڵات و سەلام بۆ فەخری ئەنام

سەڵات و سەلام بۆ فەخری ئەنام

بۆ سەر ئال و بەیت اصحابی کرام

❊❊❊

ڕەحمەت بارانە فیض و ئیحسانە

ربیع الاول مەولود عەدنانە ﷺ

❊❊❊

زۆر گوناهبارم وا داواکارم

بۆ لوتف و ڕەحمەت من ئینتیزارم

❊❊❊

مەولوی پێغەمبەر ﷺ ڕەحمەتە یەکسەر

بۆ جن و بەشەر الله اکبر

❊❊❊

ئێوە هەموو کات لێدەن سەڵاوات

لەسەر حەزرەتی فەخری کائینات ﷺ

# ئای لە مەدینە و جوانی

ئای لە مەدینە و جوانی شاری پێغەمبەرمانی ﷺ

جێی ئازیز و دۆستانی ئارامی دڵ و گیانی

❊❊❊

بۆنی عەتری گوڵاوی عاشق بووم کەوتمە داوی

الله چەند خۆشە ناوی سەڵاوات دەن لە دیاری

❊❊❊

قوربەی ڕازاوە و بەرزی نەخش و نیگار و ئەرزی

دڵ بە جۆش دێ و دەلەرزێ سەڵاوات دەن لە دیاری

❊❊❊

هەردێم بە دەم ڕێگاوە بە سەڵات و نزاوە

ئارامیم لێ بڕاوە شەیدای بووم بە یەکجاری

❊❊❊

دە خوایە ڕووحم کێشە ئای چەندە دڵپەرۆشە

شاری مەدینە خۆشە شەو و ڕۆژ بۆ سەردانی

# خودایە بە حاڵی ئومەت

خودایە بە حاڵی ئومەت تۆ بکە ڕەحمەت

نەبینین زەحمەت لە ڕۆژی زوڵمەت

خودا غەفووری خودا سەبووری

لەخەتای زۆیگ ئومەت ببوری

خودا فەرمووی ئەی ڕەسول قەسەم بە عومرت

هەتا قیامەت ڕەوایە ئەمرت

تۆ لە نووری حەق کراوی سروشت

لە نووری تۆ بوو پێغەمبەران گشت

# حبيبي يا حبيب الله

حبيبي يا حبيب الله ، طبيبي يا رسول الله

حبيبي خير خلق الله ، حبيبي نور عرش الله

***

له جوملەی کائینات ئەمڕۆ

سەرانسەر شادیە ئیمشەو

بەبۆنەی سەروەری عالەم

موبارەک بارییە ئەمشەو

***

بەهاری زیندەگی و جوانی

بە عەشقی تۆوە سوتاوە

بە سینەی ئاگرینمدا

بزانە تینی هێناوە

***

ئەگەر جارێ عەیادەت کەی

قەدەم بێنیتە سەر گیانم

هەتا ماوم من غوڵامی تۆم

وەفاتم هەر لەبەر چاوە

❋❋❋

ئەگەر لە نووری لوتفی تۆ

دڵم نەشوا لە ژەنگی خۆ

ئیتر مایەی نەجاتم چوو

دەخیلەک یا رسول الله ﷺ

❋❋❋

شیفا بەخشی دڵی موئمین

و عاشق تۆ یەقی بووی لێم

خودا خۆی ناوی هێناوی

بەدەم ئایەتی شیفاوە

❋❋❋

حەیاتی من ویساڵی تۆ

مەماتی من فیراقی تۆ

بەڵێ پەری خەیاڵی تۆ

عیلاجی شێت و هار ئەکا

❋❋❋

**لە بێخود گەر سوئال ئەکەی**

**کە چۆنە چاکە سیحەتی**

**لە تاوی عەشقی پێغەمبەر ﷺ**

**نەماوە هێز و قوەتی**

❋❋❋

**خۆش ئەو دەمەی کە ڕۆژ و شەو**

**تەواف ئەکا ڕەواقی تۆ**

**خۆش ئەو سەرەی کە کەوتبێ**

**لە کوچە و لە سوقاقی تۆ**

# یا رسول الله ﷺ دەخیل

یا رسول الله ﷺ دەخیل ، منم عەبدێکی زەلیل

لە ڕۆژی قیامەت ، هەر تۆی بۆ من دەلیل

❊❊❊

لەو ڕۆژی گریانەدا ، لەو ڕۆژی هاوارەدا

هیچ کەس ڕەحمی نامێنێ

مامۆستام پێغەمبەرە ﷺ شەفاعەتم دەستێنێ

❊❊❊

خونچەی باخی ژیانم ، ئارامی دڵ و گیانم

جارێ بە نیگای چاوت ، جارێ لاکە بەملاوە

# سەڵەوات فەرزە لەسەر پێغەمبەر ﷺ

سەڵەوات فەرزە لەسەر پێغەمبەر ﷺ

نوورە لە قەبردا ، نوورە لە مەحشەر

❊❊❊

سەڵەوات بدەن ، خاوەنی ئیمان

بۆ سەر دیداری ڕەسولی ڕەحمان

❊❊❊

هەرکێ ئەیەوێ لە ئاگر نەجات

با بدا لە ڕووحی ئەحمەد ﷺ سەڵەوات

❊❊❊

سەڵەوات کلیل دەرگای ڕەجایە

مایەی نزیکی لە موستەفایە

❊❊❊

سەڵەوات فەرزە ، ئایەی تەنزیلە

هەرکەسێ نەیڵێ ، نەصەن بەخیلە

❊❊❊

هەرکێ سڵاو بکا ، لە طاهەل ئەمین ﷺ

وەڵامی دەدات بێ شک و یەقین

***

لەگەڵ سەڵەوات ڕەحمەت دەبارێت

دە جار و زیاتر لە بری هەر جارێ

***

گەر سەڵات نەدەی ، بۆ فەخری جیهان

قەد بەرز نابێت ، دوعات بۆ ئاسمان

***

سەڵات بۆ دەردان ، وەکو دەرمانە

مانای ڕێزگرتن لە ڕەهبەرمانە

***

سەڵەوات بدەن خاوەنی ئیمان

بۆ سەر دیداری ڕەسولی ڕەحمان

***

هەرکێ ئەیەوێ لە ئاگر نەجات

بۆ فەخری عالەم لێدات سەڵەوات

# ڕووحم بە فیدات بۆ گوڵی گوڵزاری مەدینە

ڕووحم بە فیدات بۆ گوڵی گوڵزاری مەدینە ﷺ

لوتفت هەبێ ، ڕوا بکە مەقسودی مەدینە

❊❊❊

عومرێکە دەناڵم ، بە ئومێدی گوڵی زارت

جارێکی بفەرموو کە چ هاوارە چ شینە

❊❊❊

دەرمان مەکە هاتوومە حەکیمی هەموو دەردان

تیمار بکە جەرگم کە هەموو کۆنە برینە

❊❊❊

ڕەوشەن بکە چاوم بە کلی خاکی دەری خۆت

بەو عزەتە فەرشی قەدەمت عەرشی بەرینە

❊❊❊

نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دونیا و قیامەت

جارێ بە وەفایی کە بڵێن کەلبی ئەمینە

# ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام

**ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام ﷺ**

**بڕژێ بەسەرتا سەڵات و سەلام**

❊❊❊

**دڵی بە یادت بگەشێتەوە**

**نەشئەی نووری حەق ئەبەخشێتەوە**

❊❊❊

**سیما بەشەری ، سیرەت فریشتە**

**ڕووحی قودوسە هێزی غیرەتت**

## چەند خۆشە ئەگەر بچنە مەدینە

چەند خۆشە ئەگەر بچنە مەدینە

ئەو پێغەمبەرە ﷺ سەروەری دینە

❊❊❊

هەوڕازی سیدرە مەقامی تۆیە

جێگای مەراز و مەرامی تۆیە

❊❊❊

جوبرەئیل دەیگوت ، فەرموو موستەفا

نۆرەی هات قوربان سیدرەی مونتەها

❊❊❊

جوبرەئیل دەیگوت ، سیدرەیە ماڵم

لە سیدرە دەرچم ، دەسوتێ باڵم

# شاگوڵ و ڕەیحانە

شاگوڵ و ڕەیحانە ، وە نوور و مەرجانە
مەدینە چەند جوانە ، دەرمانی دەردانە

❊❊❊

ئازیز پیرەکەی پیران ، گیانە ئاگای لە حاڵم
وەڵا لە کول حاڵێکدا ، گیانە تۆی لە خەیاڵم

❊❊❊

کڵپە و گڕەی من ، گڕ کەوتە جەستم
سا بەزەییت بۆو ، وە زەنبیل خەستەم

❊❊❊

ئەی پێغەمبەری ﷺ شیرین کردەوە
کەعبەت لە ژنگی بت پاک کردەوە

# به گوڵان و بەگوڵان

به گوڵان و بەگوڵان گوڵ چینه چینه

گوڵ هەر یەکێکه وا له مەدینه

❋❋❋

هەر له ڕۆژهەڵات تاکو ڕۆژ ئاوا

چرای ئەم دینەی تیا هەڵکراوه

❋❋❋

هەر وەک حاجیان له دەور بەیتوڵڵا

بێم بۆ دەوری تۆ یا رسول الله ﷺ

❋❋❋

بچمه مەدینه بۆستم به پاوه

عەرز ئەدەم وەدەست رسول الله ﷺ وه

## بابچینە ڕەوزە ڕەوزە چەند خۆشە

بابچینە ڕەوزە ڕەوزە چەند خۆشە

شاری پێغەمبەر ﷺ دڵ بۆی بەجۆشە

❋❋❋

یا رسول الله ﷺ ئەوە من هاتم

گیرۆدەی خەمم موحتاج خەڵاتم

❋❋❋

چەند خۆشە ڕەوزە باخی بەهەشتە

تێی دابنشین خۆشترین گەشتە

❋❋❋

خۆشترین جێگای ئەم سەر زەمینە

زیاتر لە کەعبەش ڕەوزەی شرینە

❋❋❋

هەرکەس نەخۆشە بەدوای شیفایە

تیماری دەردی لە ڕەوزە دایە

❋❋❋

بچنە سەردانی فرسەتە یاران

گەشتکردن خۆشە وەرزی بەهاران

***

الله لە ڕەوزە چەندە دڵگیرە

هەوڵی بۆ دەدا کێ خاوەن بیرە

***

موسوڵمان لەوێ گەلێ دڵشادە

تەنها قامەتی خودای لەیادە

# ئای لە مەدینە و جوانی

ئای لە مەدینە و جوانی

شاری پێغەمبەرمانی ﷺ

جێی ئازیز و دۆستانی

ئارامگای دڵ و گیانی

***

بۆنی عەتر و گوڵاوی

عاشق بووم کەوتمە داوی

الله چەند خۆشە ناوی

سەڵەوات بدەن لە دیاری

***

قوبەی ڕازاوە و بەرزی

نەقش و نیگار و ئەرزی

دڵ بە جۆش و دەلەرزی

سەڵەوات بدەن لە دیاری

***

**هەر دێم بەدەم ڕێگاوە**

**بە سەڵەوات و نزاوە**

**ئارامیم لێ بڕاوە**

**شەیدای بووم بە یەکجاری**

***

**بە خەیاڵ و ئەندێشە**

**ئای چەندە دڵ پەرۆشە**

**شاری مەدینە خۆشە**

**شەو و ڕۆژ بۆ سەردانی**

# لەدایکبوونی حەزرەت ﷺ

ئـامینە خـاتوون دەفەرمویـت لەنـاو ژوورەکەمـدا بووم خۆم بە تەنهـا دەمووت کێ غەمخوارم بێ کێ ئاگادارم بێ لە ناکاو چوار ئافرەتی باڵا بەرز هاتنە ناو ژوورەکەم یەکەمیان هاتە لام و کردی ســــەلام فەرمووی منم دایکە حەوا دایکی هەموو بەشەر و ئینسان . دووهەمیان هات و کردی ســــەلام فەرمووی منم هاجەری هاوســــەری ئیبراهیمی خەلیلی رەحمان . ســــێهەمیـان هـات و کردی ســــەلام فەرمووی منم مەریەمی عومران . چوارەمیان هات کردی ســــەلام فەرمووی منم ئاســــیە ی کچی موزاحیم .دەبینە مـامـانی ســــەید الاکوان . ئـامینە خـاتوون دەفەرموێ بینیم لە غەیبەوە پەرداخێکم شــەربەتم بۆهات لە بەفر ســپی تر بوو لە هەنگوین شـیرینتر بوو لە حەیاتمدا شتی وا خۆشم نەخواردبوو .پاشـان تەیرێک هاتە ژوورەوە حەزرەتی جبریل بوو شــــاپەڕی مووبارەکی دا بەســــەرمدا لەناکاو بینیم نورێکی عظیم لەبەرچاوم پەیدابوو . حەزرەتی رسـول الله بە قومـات کراوی بە بۆنخۆشــــکراوی هـاتە دونیـاوە ، بەبێ زەحمەت و مەشەقەت لەدایکبوو حەزرەتی محمد ﷺ

# طلع البدر علينا

طلع البدر علينا من ثنيات الوداع وجب الشكر علينا مادعا لله داع

****

ايها المبعوث فينا جئت بالامر المطاع جئت شرفت المدينة مرحبا يا خير داع

****

طلع البدر المبين رحمة للعالمين و بشيرا و نزيرا مرشدا للدنيا و الدين

****

يا امام الاولياء يا ختام الانبياء رحمة ارسلت طه منقذا بعد الضياع

****

انت شمس انت بدر انت نور على نور انت مصباح الثريا يا حبيبي يا رسول

****

وا مانگی چواردە هەڵهات لەسەر خاکی مەدینە یاخوا باخێربیی ئەی میوان پیرۆزت بێ ئەم دینە

****

لە ئاسمانی پیرۆزەوە ، نورێکی خودایی هات

**موحەمەد ﷺ بوو بە پێغەمبەر ، زوڵم و کوفر دوایی هات**

❊❊❊❊

**دەی سەر و ڕووحم بە قوربانی قەد و باڵایی تۆ**

**بولبولی ڕووحم هەمیشە عاشقە و شەیدایی تۆ**

# پێڕست

پێشەکی ........ 2
ئەحمەد موحەمەد هەردوو یەک ناوە ........ 4
الله الله الله یە – ئەحمەد ڕەسول الله یە ........ 5
یا رسول الله من بەبێ تۆ قوربان ڕوو لە کێ بکەم ........ 7
پێغەمبەر نازدارە ساحیبی ئەسرارە ........ 8
یا رسول الله دەخیلێک ڕووم نییە بێمە حزوور ........ 9
ئەی ڕەئیسی جەمعی مەخلوق شاهی شاهانم وەرە ........ 10
سەلامی خوا لە دیداری موحەمەد ﷺ ........ 11
تۆ ئەحمەدی موختاری موقەرەبی غەفاری ........ 14
ئەی شاهی مەککە حاکمەکەی شاری مەدینە ........ 15
مانگی مەولود هات بەخێر بێتەوە ........ 16
مەدینە خۆشە بەهەشتی خوایە ........ 18
سەڵاوات بێ بەخوڕەم بێ ........ 20
یا موحەمەد ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تەوبەبێ ........ 22
یا عەلی مەولام عەلی شێرەکەی جەبار عەلی ........ 24
دە بابچینە مەدینە ئەو شارە چەند شرینە ........ 26
لەناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆیی ........ 28
من میوانی تۆم ........ 29
خودایە عاجز و بێدەسەڵاتم ........ 31
یا ڕسول الله یا شای مەدینە ........ 32
ڕەبی بنێرە سەڵاوات ........ 34
نوری خودایە سەرووی ئەنبیایە ........ 37
یا رسول الله بە غیرەتت قەسەم ........ 38
الله الله شەیدام الله ........ 39
کوانێ ئەسکەندەر شەرق و غەربی گرت ........ 41
سەڵات لەسەر پێغەمبەر ﷺ ........ 43
یا رسول الله گیانە ........ 46

شا عبدالقادر شا عبدالقادر........ 49
لەو غارەیدا لەو غارە........ 51
لە ئادەم تاکو خاتەم........ 52
خوا کە خەلقی کرد........ 53
محمد سەیدی سەروەر........ 54
هەم ماڵ و مینم یا نەبی........ 56
یارسول الله یا خیر البشر........ 59
سەڵات و سەلامی حەق لەسەر فەخری بەشەر بێ........ 60
سۆزێک بۆ منداڵ........ 62
ئەی سەیدی سەرداری من........ 64
غوڵامی دەرگاهی تۆم........ 67
لە ئەوەڵ و لە ئاخیرا........ 70
ئەحمەد مورسەلی خوایە........ 71
وا ربیع الاولە مانگێکی مونەوەرە........ 73
بەسەرهاتی حەزرەتی ئیبراهیم........ 75
ئەگەر لوتفت هەبێ یا ڕەب........ 78
یا رسول الله دەخیلە........ 79
سەڵات و سەلام بۆ فەخری ئەنام........ 80
ئای لە مەدینە و جوانی........ 81
خودایە بە حاڵی ئومەت........ 82
حبیبي یا حبیب الله........ 83
یا رسول الله ﷺ دەخیل........ 86
سەڵەوات فەرزە لەسەر پێغەمبەر ﷺ........ 87
ڕووحم بە فیدات بێ گوڵی گوڵزاری مەدینە........ 89
ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام........ 90
چەند خۆشە ئەگەر بچنە مەدینە........ 91
شاگوڵ و ڕەیحانە........ 92
بە گوڵان و بەگوڵان........ 93
بابچینە ڕەوزە ڕەوزە چەند خۆشە........ 94

ئای لە مەدینە و جوانی...................................................................................................96
لەدایکبوونی حەزرەت ﷺ ..................................................................................................98
طلع البدر علینا .............................................................................................................99


اللهم صلّ على سيدنا محمد
الوصف والوحي والرسالة والحكمة
وعلى آله وصحبه وسلم تسليما